# لەو دیو پەردەی شانۆگەری "ترسنۆکبوون"ی سەددامەوە

**نووسینی بەکر ئەحمەد**

20ی دیسێمبەری 2003

**کاتێك یەکێك لە گروپی کارمەندانی خێرخوازی فەڕەنسی سەردانی یەکێك لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی بەغدای کرد و لە منالانی ئەوێی پرسی کە خەونی گەورەبوونییان چییە و ئەو خەونەیشیان بە نیگارێك ڕوونبکەنەوە, تووشی شۆکێکی گەورە بوو. بە تایبەت پاش ئەوەی وێنەی بە دەستی منالان کێشراوی هاتەوە بەردەست. ئاخر هەموو منالەکانی پۆلێکی قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی بەغداد, یەك وێنەیان کێشا بوو: عەمو سەددام.**

**ئەو پیاوەی لە ناو چاڵێکی جاڵجاڵۆکەدا دێتە دەر و سەرجەمی دنیا بە گرتنی دووچاری شۆك دەکات, ئەو کەسەیە کە ملیۆنەها چاڵی جاڵجاڵۆکەیی لە جەستە و ڕۆحی کۆمەڵگایەکدا هەڵکەندووە. چاڵی جاڵجاڵۆکەیی ناو ناخی منالانی قوتابخانەکانی عێراق, بە زەقی لە تابلۆکانیاندا دیارن.**
**کاتێکیش ئەم ئینسانە وەك کەسێکی لە گۆڕەوەدەرهاتوو دەخرێتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆەکانی جیهان, ئەوە هەڵبژاردنی هەر ئاوەڵناوێکی تایبەت بۆ وەسفکردنی توانا و نەتواناییەکانی ئەم پیاوە, هەر وا کارێکی ئاسان نییە. بەڵام بەوەی ئەو وێنەیەی کە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و میدیای جیهانی لە سەدامییان وەرگرتووە, ناتەبایە بە وێنەی پیاوی ناو چاڵی جاڵجاڵۆکەی تکریت, هەم خەڵکی ئاسایی و هەمیش نووسەرانێکی زۆر, لەناو تۆڕێکی گەورەیی جاڵجاڵۆکەیدا, قەڵەمەکانیان و دەربڕینەکانیان دەئاڵۆسکێ و شتێکمان پێدەڵێن کە لە باشترین حالەتدا, هەست و نەستێکی ڕووت لە پشتییەوە ڕاگیراوە. لە هەندێك جاریشدا, زۆرێك لە قەڵەمەکان, ئامانجدارانە ئەم وێنە سەرنجڕاکێشەیەی ناو تەلەفیزیۆنەکان, لە ناو تەموومژی "ترسنۆکبوون"ی کەسی ناو وێنەکەدا, بە خەتێکی گەورە بۆ ئێمە دەنووسنەوە.**

**"ئەو پیاوەی هەمیشە دەمانچەکەی بە لاقەدەوە بوو, کەچی بەخیلی کرد لە نانی دوا فیشەکیدا بە خۆیەوە", "پیاوە ترساوەکەی کە لە جرجی ناو ئاودەستخانە و زێرابەکان دەچوو", "ئافەرین بۆ ئەو ترسنۆکییەت کە ڕێی نەدا خۆت بکوژیت", " تۆ زۆر ترسنۆك بوویت, دەنا دەبوو ئەو سووکایەتییە قبوڵنەکەیت". ئەمانە بەشێکی کەم لەو دەربڕینانەن کە سەرتاپای ئەو وتارانە دەگرێتەوە کە مێدیای کوردی و عەرەبی لە بەرهەمهێنانەوەیدا شەریکن. ئەوەشمان لە یاد نەچێت, بۆ سەلماندنی ئەم ترسنۆکییە, لیستی کردوەکانی سەدام, لە کوشتنی فلانە سەرباز و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی و ئەنفال و سەرجەمی تاوانەکانی سەددام و جەنگەکانیدا, وەك پێشەکییەکی کورتی کارنامەی سەددام لە سەرجەمی وتارەکاندا ئامادەییە هەیە. واتا ترسنۆکییەك کە وەك سیفەتێك دەدرێتە پاڵ سەددام, لە پاڵ دژەوێنەی ترسنۆکبووندا, لە ڕێگەی کردەوە سیاسی و سەربازییەکانییەوە, بە بەرچاوی خوێنەرانی وتارەکاندا, خۆیمان نیشاندەدات.**
**بەڵام ئەم ڕەخنەیە لە کوێی هەڵوێستوەرگرتنە سیاسییەکاندا ڕادەوەستێت؟ بە ترسنۆك و جرج لە قەڵەمدانی سەددامی نووسەران, دەیانەوێ بانگەوازی کام شوێنەمان بکەن تا لێیەوە سەرنجێ لە پیاوی ناو چاڵە جاڵجاڵۆکییەکەی تکریت بەین؟ ئەم وتارە بە مەبەستی سەرنجدانێکی وردترە لە دەستەواژەکانی ترسنۆکبوونی ئەو پیاوەی لە چاڵێکی تاریکەوە دێتە دەر و ملیۆنەها چاڵی تاریکی تری جاڵجالۆکەیی لە شوێن خۆییەوە بەجێدێڵێت.**

## کێن ئەوانەی ترسنۆکی دەنێنە پاڵ سەددام؟

بەعس لە عێراقدا بە تەنها هێزێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی نییە کە چوارچێوەی هەڵسوڕانی سیاسییەکەی لە جوگرافیای عێراقدایە. بەڵکو بەعس پەرچەمدار و ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دوای شکستی ناسریزمە. هەر بۆیەش کارێکی هێندە سەخت نییە کە ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە و ڕابەرەکانی جێی پەسەند و قبوڵکردنێکی فراوانی ئەو کەس و لایەنە سیاسی و کولتورییانەن کە قیبلە نمای سیاسییان ڕووی لە مەککەی ناسیۆنالیزمی عەرەبە.
کەوتنی پەیکەرەکانی سەددام و دواتریش گرتنی بەرجەستەترین سیمبۆڵەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب, بۆ ماوەیەکی کورت خایەنیش بێت, گەورەترین زەربە لە پەیکەرەی ئەم بزووتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتییە دەدات لە هەر شوێنێك بێت. تێزی ترسنۆکبوونی سەددام لە دوای دەستگیرکردنییەوە, لە پلەی یەکەمدا لە لایەن قەڵەمبەدەستان و دەستگا مێدیاییەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە دێتە سەر کاغەز.
بەڵام وردبوونەوەیەکی زیاتر لە چەمکی "ترسنۆکبوون"ی سەددام, هێندە لە گەورەکردن و بەرزنرخاندنی ئەم کەسایەتییە سیاسییەی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە دەستپێدەکات, هێندە ڕەخنەیەکی جدی نییە لە خودی ناسیۆنالیزمی عەرەب و کەسایەتییەکانی.

ئەو جیهانبینییەی لە پشت چەمکی ترسنۆکبوونی سەددامەوە خۆی مەڵاسداوە, چڵە پۆپەی ڕەخنەکەی لەوەدا چڕدەکاتەوە کە خودی شەخسی سەددام دەبوایە ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەری لە خۆی نیشانبدایە تا ئەم شەرمەزارییە بۆ نەتەوەی عەرەب تۆمار نەکات.  ئەم چەمکی ترسنۆکبوونەی سەددام, بە زمانیکی سادەتر دێتە گۆ , کاتێك سەددام حوسەین قارەمانییەکی وای لە خۆی نیشانبدایەوە و دوا فیشەکی دەمانچەکەی بە خۆوە بنایە. ئەو کات ئێمە خۆمان لەبەرانبەر ڕەخنەیەکی لە چەشنی ترسنۆکبوونی سەرۆکدا نەدەبینییەوە. بەڵکو شاهیدی دووبارە بینینەوەی شانۆگەری "شەهیدبوون"ی قارەمانئاسای کوڕەکانی سەددامی چەند مانگ لەمەوبەردا دەبووین. واتا ئەو دەنگەی کە پێی وایە سەددام ترسنۆکانە خۆی تەسلیمدەکات و دەگیرێت, پاساوی ئەو دڵشکاوییە شەخسی و ناسیۆنالیستییەی خۆی دەداتەوە کە چاوەڕوانییەکانی ئەو لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم بۆی خوڵقاندووە.
بەلام بە دیویکی تریشدا, چەمکی ترسنۆکبوونی سەدام و دەمانچە بێدەنگەی کەمەری, گێڕەرەوەی چیرۆکی چاونەترسییەکانی سەرکردەیەکە کە لە ماوەی زیاتر لە 30ساڵدا لەسەر شانۆی سیاسەتدا ئامادەیی هەیە. واتا تەواوی کردەوەکانی سەدام و جەنگەکانی, گۆڕەبەکۆمەڵەکانی, هەموو ئەو ڕۆژڕەشییانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی سەددام و بزووتنەوە سیاسییەکەی ئەودا بەسەر خەڵکی عێراقدا دەهێنرێت, نیشانەی وێنەی سەرکردەیەکی چاونەترسە کە بۆ دیفاعکردن لە یەکێتی خاکی عێراق و پاراستنی دەروازەی خۆرهەڵاتی نیشتیمانی عەرەب , هەمیشە بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە بووە.
هەر بۆیەش دەربڕینێکی لە چەشنی:" تۆ زۆر ترسنۆك بوویت, دەنا دەبوو ئەو سووکایەتییە قبوڵنەکەیت" کە بە زمانی کوردی دێتە سەر کاغەز و بە دەستەواژەی جۆراوجۆری تری عەرەبی لە سەدان وتاری تردا دێتەوە نووسین, ڕەخنەگرتن نییە لە یەکێك لە جەللادەکانی سەدەی بیست, بەڵکو گلەیی و گازندەی ناسیۆنالیستێکە تا قبوڵکردنی سووکایەتی شەخسی سەددام بگۆڕێتەوە بە سەروەریی و سەربەرزییەکی بێ وێنە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب. واتا سەددام, بە بەکارنەهێنانی دەمانچەکەی قەدی, سووکایەتییەکی شەخسی بۆ خۆی و بزووتنەوەکەی قبوڵکرد و دەیتوانی وانەکات و ئەو مێژووە بە شوێنێکی تردا بەرێت, ئەگەر فیشەکێکی بە تەوقەسەری خۆیەوە بنایە.

## لە سەددامەوە بۆ میلۆسۆڤیچ

بەڵام ئەوە هەر لایەنگرانی بزووتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەب نین  کە لە بەخشینەوەی شوناسی "ترسنۆکبوون"دا گۆرانیبێژی ئەم سروودی ناقارەمانبوونەی سەددامن, بەڵکو کارگێڕانێکی تری ناو کۆمەڵگای عێراق شەریکی وتنەوەی ئەم سروودی ترسنۆکبوونەی ئەون.
گوێگرتن لە ئاخاوتنی سادەی ناو خەڵك, بۆمان دەردەخات کە چەند ئەم ئاخاوتنانە پڕ لە سروودەکانی ترسنۆکبوونی سەددامن. گێڕانەوەی چیرۆکی دەستگیرکردنی میلۆسۆڤیچ و ئۆجەلان, بەراوردکرن لە نێوان ئەم ڕووخسارە سیاسییە جیاوازانەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی دنیادا, ئامادەییەکی هەمیشەیی ناو ئەم ئاخاوتنەی شەقامی سیاسی دەروونی کۆمەڵگایە.
سەددام وەك میلۆسۆڤیچیشی پێنەکرا و "قارەمانانە" و "چاونەترسانە" لەبەرانبەر جەللادەکەیدا ڕانەوەستا, ئەو خودکوشی نەکرد و زۆر بێدەنگانە تەسلیم بوو. ئەو ترساو تر بوو لە جرجێکی تۆقیوی ناو زێرابەکان.
بەڵام بۆ دەبێ  ڕاوەستانەوەی میلۆسۆڤیچ لەبەرانبەر حاکمانی ساڵۆنەکانی "هاگ" و مێدیاکاندا, بە ئازایەتیی و چاونەترسیی لێکبدرێتەوە؟ کێن ئەوانەی دڵشادن بە دەمەوەرییەکانی میلۆسۆڤیچ و لە کوێی هەڵوێستوەرگرتنە سیاسییەکاندا ڕادەوەستن؟ لە تەنیشتی قوربانییەکانی ئەم جەللادەوە یان لە پاڵ خودی جەللاددا؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕۆشنن. "ئازایەتی" و "قارەمانانە" ڕاوەستانی میلۆسۆڤیچ, لە مانا سادەکانی خۆیدا هیچ شتێك نییە جگە لە ئینکاری و نەهیکردنەکانی ئەم سەرکردەیەیە لە هۆلۆکۆستی سێبرێنیکا, لە بۆمبارانی شەو و ڕۆژەی چەندین ساڵەی  سەرایڤۆ. میلۆسۆڤیچ بەم ڕاوەستانە  "ئازایانە"ی خۆیەوە لە بەبەرانبەر دادگای هاگدا, تف لە ناوچەوانی قوربانییەکانی جەنگی باڵکان دەکات و بانگەوازی "ترسنۆکانە" تەسلیمبوونی سەددامیش, لە دوا ئەنجامەکانی خۆیدا, مۆری تەئیددانە لەو کارانەی کە سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەب لە خوڵقاندنیدا بەرپرسیاریەتی پلە یەکی بووە. بە دیوێکی تریشدا, بە شوێن دروستکردنی قارەمان و شەهیدە گەورەکانی ناسیۆنالیزمەوەیە.  بەڵام ئەو  لەشکرە بەرینە جەماوەرییەی کە لە بەراوردکردنەکانیدا میلۆسۆڤیچ بە ئازاتر لە سەددام دادەنێت, بە هەمان شێوە ئەسیری ئەو کەش و هەوا سیاسییەیە کە هەژموونی سیاسییانەی بەهاو پێوەرە فیکرییەکانی ناسیونالیزم بەرهەمیهێناوە. بە واتایەکی تر, ئەم دەربڕینە جەماوەرییانەی سەرەوە لە پەیوەند بە چیرۆکی ئازایەتی میلۆسۆڤیچ و ترسنۆکبوونی سەددامەوە, زادەی بە کۆمەڵایەتیکردنی چیرۆك و ئەفسانەسازییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمن لە پەیوەند بە ڕۆڵ و جێگاوشوێنی تاك و سەرکردەوە لە ناو کایەی سیاسەتدا.

بەڵام ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەب لە گرتنی سەددام و وێنە زەلیلەکانی ئەودا, کەرامەت و هەستی نەتەوایەتییەکەی بریندار دەکرێت و لە دڵدانەوەی خۆیدا بە چەکەکانی "ترسنۆکبوونەوە" دەچێتە وێزەی تاوانبارکردنی یەکێك لە گەورەترین فیگورە سیاسییەکانی خۆی و خوازیاری بینینی جەستەی لە خەڵتاندا هەڵکێشراوی ئەوە تا وەك شەهیدێکی گەورەی ناسیۆنالیزم ناونووسی بکردایە, ئەی بۆچی ڕووناکبیرانی کورد و قەلەمبەدەستەکانی ئەوان کە قوربانی ئەم بەعسیزمەی ناسیۆنالیزمی عەرەب بوون, هەر هەمان گوتار دووبارە دەکەنەوە. سەرنجێك لەم دەربڕینانەی خوارەوە بدەنەوە.
( "ئەو پیاوەی هەمیشە دەمانچەکەی بە لاقەدەوە بوو, کەچی بەخیلی کرد لە نانی دوا فیشەکیدا بە خۆیەوە", "پیاوە ترساوەکەی کە لە جرجی ناو ئاودەستخانە و زێرابەکان دەچوو", "ئافەرین بۆ ئەو ترسنۆکییەت کە ڕێی نەدا خۆت بکوژیت", " تۆ زۆر ترسنۆك بوویت, دەنا دەبوو ئەو سووکایەتییە قبوڵنەکەیت" ) تەواوی ئەم دەربڕینانەی سەرەوە, لە سایتەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی هاوڵاتی و جەماوەردا هێنراونەتە سەر کاغەز.
دەکرێ وێنەی سەددام بە دەست پزیشکێکی ئەمریکییەوە و سیمای ئەو لە دوای دەسگیرکردنی, بەشێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و کوردوستانی تووشی شۆکێکی گەورە کردبێت و بەو وێنەیە ڕانەهاتبێتن کە مێدیاکان دایانەدەر.  هەر بۆیەش بە شێوازێکی تەنزئامێزەوە دەیانەوێ بڵێن: تۆیەك کە هێندە دڕندە و خوێنڕێژ بوویت لەبەرانبەر ئێمەدا, کەچی لە واقیعدا هێندە بودەڵە و ترسنۆك بوویت. بەڵام ئایا ئەمە هەستی قوربانییەکی هەڵخەڵەتاو نییە کە لەم دەربڕینەدا دێتە گۆ؟ قوربانییەك کە خوازیاری دڵدانەوەی خۆیەتی و پێی باشترە جەللادەکەی لە وێنەیەکدا ببینێت کە ئەم دەقی پێوەگرتووە و ئامادە نییە بیگۆڕێت  تاکو ئازاری ویژدانی خۆی دۆزەخێکی بۆ دانەنێت بەوەی کە ئازیزانی خۆی بە دەست جەللادێکی ترسنۆکەوە, گیانییان لە دەست دا.
بە بڕوای من, ئەگەر جۆرە تەنزێکی لەم جۆرەش لە  پشت وێنەی سەددامی ترسنۆکەوەهەبێت, هەتا بڵێی تەنزێکی بێ تامە. ئاخر وێنەی سەددام لە پاش دەسگیرکردنیشی,  جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ وێنەکانی دیکەی ئەودا نییە کە ئێمە لە عێراقدا بینیوومانە.
دەمووچاوی سەددام لەبەردەم منالانی سەماکەری ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونەکانی خۆیدا,  زۆر جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ دەموو چاوی سەددامی ناو چاڵەکەی تکریتدا نییە. پەیکەرەکانی کە سەرتا پای شەقام و گۆڕەپانەکانی عێراقی پێدەڕازێنرێتەوە و بە دەستی بەتواناترین پەیکەرتاشەکانی عێراق دروستکرا بوون و سەددامێکی زیندووی دوای خەوتنی شەقامەکان بوون, هیچ جیاوازییەکییان لەگەڵ دەموچاوەکەی ناو چاڵەکەی تکریتدا نییە.  ئەو کەسەی کە دەمووچاوی سەددامی دوای دەسگیرکردن توشی شۆکی دەکات و بە

ترسنۆك لە قەڵەمی دەدات, وێنەی ڕاستەقینەی بەعسیزمی نەبینیوە. سەددام بەر لەوەی سیما و دەموچاوێکی شەخسی بێت, سەربازی سەیتەرەکان بوو, ئاسایش بوو, ڕاکردن بە دوای نەوت و گازی مەملەکەتی نەوت و گازدا بوو, سەربازگەی ئیجباری بوو, کارتەکانی هەڵبژاردن بوو تا بە هۆیەوە مووچە وەربگیرێت, بەردە کۆنکرێتییە گەورەکانی بەردەمی مدینە الالعاب بوو. ئەو کەسەی کە دەمووچاوی سەددامی دوای دەسگیرکردن توشی شۆکی دەکات و بە ترسنۆك لە قەڵەمی دەدات, سەددام و بەعسیزم کورتدەکاتەوە بۆ دەموچاوێك و تەواوی دەموچاوە تۆقێنەرەکانی دیکەی سەددام, وەلا دەنێت.

بەڵام ئەو دەربڕینانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێکردن, لەلایەن خەڵکانێکی "سادە"وە نەهاتوونەتە سەر کاغەز کە عاتیفە و هەستی خۆبەقوربانی زانینی خۆی وایلێدەکات بەبێ هیچ کاردانەوەیەك دەری ببڕێت, بەڵکو ئەو دەستەواژانەی سەرەوە, بە دەستی قەڵەمبەدەستانی ناو ڕوناکبیری کوردی نووسراون.

چی وادەکات ئەم" ڕوناك" – بیرانە لە بەرهەمهێنانەوەی وێنەکانی سەددامی دوای دەسگیرکردندا, تاکە وەسفێکی بۆ هەڵبژێرن کە ترسنۆکییە؟

ئەو سیستەمە فیکرییەی لە پشت بەرهەمهێنانەوەی سەددامی ترسنۆکی ناو وتاری بەشێك ڕوناکبیرانی کورددایە, هەر هەمان ئەو سیستەمە فیکرییەیە کە لە دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا, شوناسەکانی ترسنۆکبوون بەم سەرکردە ناسیۆنالیستییەی کورد دەبەخشێت. واتا ئەو پێوەرانەی کە پایە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانەوەی چیرۆکی ترسنۆکبوونەکانی سەددام و ئۆجەلان بەرهەمدەهێنێتەوە, هەر هەمان ئەو پێوەرانەن کە ناسیۆنالیزم, ئەمجارەیان لە دۆخی کوردییانەی ئەودا, بۆ سیاسەت و تاك و سەرکردە لە بەرچاو گیراون.

ئەوەی کە وادەکات ئەم چیرۆکی بە ترسنۆك لە قەڵەمدانەی سەددامی ڕوناکبیرانی کوردی , بڕژێتە ناو هەر هەمان گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە, لە گەڵ هەر یەخە دادڕینێکی نووسەرانی ئەو وتارانەدا کە تاسەر ئێسقان دژی بەعس و سیستەمە فیکرییەکەی ئەون, خاڵی دەستپێکردنە لە گۆشەنیگایەکەوە کە ناسیۆنالیزم چوارچێوەی بۆ دادەنێت. ناسیۆنالیزم وەك سیستەمێکی بیرکردنەوە بەبێ هیچ پاشگرێکی کوردی یان عەرەبی یان ئەڵمانی.

هەر بۆیەش ئەو ئەفسانەسازییەی کە بەهێزترین جومگەی ناو گوتاری ناسیۆنالیزمە, لە دوای گرتنی سەددامەوە, بە هەمان شێوە دەچێتەوە سەر ئەو ئەفسانانەی کە لە دوای گرتنی ئۆجەلانەوە دەسازێنرێت.

ئەگەر تێزی ترسنۆکبوونی سەرکردە, لە پاش بەرەڵاکردنی یەکەمین وێنەکانی دەستگیرکردنی ڕابەر, لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە لە شۆکێکی گەورەدا ڕادەگرێت و خوازیاری بینینی جەستەی لە خوێنهەڵکێشراوی ڕابەرەکەیانن و بە بۆمبارانی "ترسنۆکبوون" کاردانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی لە خۆیان نیشاندەدەن, ئەوا لە پاش دامرکاندنەوەی کەفوکوڵی ئەم بۆمبارانە مێدیاییە, تۆپخانەی ئەفسانەسازی دەکەوێتە کار تاکو بە جۆرێکی تر پاساوی وێنەی سەرکردەی گیراو بدەنەوە.

وێنەی ئۆجەلان بە دەستی جەندرمەکانی میتی تورکییەوە و خۆشەویستیهەڵڕشتنی ئەو بۆ تورکیا, وەك یەکێك لە کۆمێنتارە سەرەتاییەکانی ئۆجەلان, دەکرێتە ئەفسانەی دەرزیلێدان و بەنجکردنی ئەم دیلەی دەستی جەندرمەکانی تورك. واتا ئەوە خودی ئۆجەلان نییە کە لەبەردەم جەللادەکەیدا بەم زمانە دەمدەکاتەوە, بەڵکو ئەو دوژمنەکانی ئۆجەلانن بۆ ڕیسواکردنی ئەو و بە ترسنۆك لە قەڵەمدانی ئەو, ئەم سیناریۆیەیان بۆ داتاشیوە. ئەمڕۆ ئێمە بە هەمان شێوە لەبەردەم هەمان چیرۆکی ئەفسانەسازی دروستکردنداین کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب خەریکییەتی. ئەو تیۆری پیلانگێڕییانەی کە سەرتاپای مێدیای عەرەبی پڕ کردووە و بە شوێن دۆزینەوە و هێنانەوەی پاساوێکی ترەوەیە لەبەردەم کەوتنی یەکێك لە ڕابەرە گەورەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا, لە چیرۆکی بەنجکردنی سەددام و نیشاننەدانی هیچ جۆرە بەرەنگارییەك لە شێری ناسیۆنالیزمی عەرەب لە کاتی دەسگیرکردنیدا, تەنها گۆشەیەکی کەمی دەستبەکاربوونی ئەم کارخانەی ئەفسانەسازییەی ناسیۆنالیزمە.

ئەوەی چیرۆکی گرتنی دوو سەرکردەی ناسیۆنالیست, یەکێکیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا و ئەوی دییان لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا ئاوێزاندەکاتەوە بە یەك و بە هەمان شێواز کۆتایی پێدەهێنرێت, هاوبەشبوونی ئەم سیستەمە فیکرییەیە کە داوی چیرۆکەکانی ئەم دەسگیرکردنە سیاسییانە دەچنێت. هەر بۆیەش گوتارە سیاسییەکانیشیان زۆر ئاسان لە پاڵ یەکدا جووتدەبنەوە و زمانی دەربڕینی پەیامەکانییان بە هەر زمانێکی جیاواز بێت, لە دوا ئەنجامەکانیدا , یەك پەیامی لەیەکچوو ڕادەگەیێنێت.

هەر بۆیەش بانگەوازی بەشێك لە ڕوناکبیرانی کورد و بەخشینی شوناسی ترسنۆکبوون بە سەددام لە کاتی دەسگیرکردنیدا, ئەگەر خۆشیان خوازیاری ئەوە بن یاخود نا, ئاوێزاندەبێتەوە بەو گوتارە ناسیۆنالیستییەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەب خوڵقێنەرێتی. خودی کۆمێدیاکەش لێرەدایە. ئەو کۆمێدیایەی کە لە گەرمەی شادی گرتن بۆ دەسگیرکردنی یەکێك لە جەللادەکانی سەدەی بیستدا, ئەم زەماوەندگرتنە بکەیتە شین و لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبدا, بە چیرۆکەکانی ترسنۆکبوونەوە, بەم سینەکوتانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە پەیوەست بیت.